# دە سایتی پڕ بینەر لە ساڵی 2011دا

بەئاوڕدانەوە بەجیهانی ئینتەرنێت لەساڵی 2011دا و سەرنجدان بەپڕ بینەرترین ماڵپەڕەکان دەردەکەوێت، ڕکابەرییەکان زۆر جددیتر بوونە و هەوڵدان بۆ پێشەنگ بوون لەنێوان سایتە گرنگەکاندا گەرموگوڕتر بووە بە بەراورد بەساڵانی پێشوو.

سایتی ئەلکسا (Alexa) کە ئەرکی سایتەکە ئەوەیە هەڵسەنگاندنی سایتەکان بکات و ڕێژەی سەردانیکەرانی سایتەکە دەستنیشان بکات، لەخشتەیەکدا بەمجۆرە دەستنیشانی دە سایتە گرنگەکەی ساڵی ڕابردوو دەکات.

-1گوگڵ: سایتی گوگڵ وەك هەمیشە لەڕیزی یەکەمی سایتەکانی جیهاندایە. چەندین ساڵیشە پلەی یەکەمی بۆخۆی پاراستووە.

-2 فەیسبووك: سایتی فەیسبووك کە هەتا کۆتایی ساڵی 2011 نزیکەی 800 ملیۆن بەکارهێنەری هەیە لەڕیزی دووەمی سایتە پڕ بینەرەکانی جیهانە لەساڵی 2011دا، سەیر لەوەدایە لەهەشت وڵاتدا لەڕیزی یەکەمدا بووە. لەوڵاتانی ”ئەندۆنیسیا، تورکیە، ئەرژەنتین، میسر، مالیزیا، کۆلۆمبیا، نەیجریا و مالیزی“ یەکەمین سایت فەیسبووك بووە. لە27 وڵاتیشدا لەڕیزی دووەمدا بووە و لەسێ وڵاتیشدا لەڕیزی سێیەمدا بووە.

-3 یوتیوۆب: وەك گەورەترین سایتی خزمەتگوزاری گرتەی ڤیدیۆیی، سێیەمین سایتی پڕ بینەری جیهان بووە لەساڵی 2011دا. ئەم سایتە لەهیچ وڵاتێکدا پلەی یەکەمی نەهێناوە، بەڵام لە سعودیا و پۆلۆنیا لەڕیزی دووەمدابووە.

-4 سایتی یاهوو کە ساڵانی پێشوو لەڕیزی دووەم و زۆرجاریش لەڕیزی یەکەمدابووە، لەساڵی 2011دا لەڕیزی چوارەمدابووە. هەرچەندە لەتایوان و هۆنگ کۆنگ یەکەمین سایت بووە و لەئێران و نەیجەریاش دووەمین سایت بووە. بەڵام بەگشتی لەڕیزی چوارەمدا بووە لەجیهاندا.

-5 بایدۆ: پێنجەمین سایتی پڕ بینەری جیهان سایتی بایدۆ بووە، هەرچەندە ئەو سایتە زۆر نەناسراوە و نێونەتەوەیی نییە و زیاتر پێوەندی بەوڵاتی چینەوە هەیە، لەوڵاتی چین ڕۆڵی گوگڵ دەبینێت، بەڵام چونکە حەشیمەتی چین زۆرە بۆیە پلەی پێنجەمی بەدەست هێناوە.

-6 ویکی پیدیا: سایتی ویکی پیدیا شەشەمین سایتی پڕ بینەری جیهان بووە، ئەو سایتە لەسویسرا پلەی پێنجەمی هێناوە، بەڵام لەچوار وڵاتدا لەپلەی شەشەمدابووە و لەهەندێك وڵاتیشدا لەڕیزی حەوتەم هەتا نۆیەم بووە.

-7 ویندۆز لایڤ: کە سەر بەکۆمپانیای مایکرۆسۆفتە لەڕیزی حەوتەمدابووە.

-8 سایتی بلاگ سپات: کە تایبەتە بەچێکردنی ماڵپەڕ هەشتەمین ماڵپەڕی پڕ بینەری جیهان بووە.

-9 سایتی ئامازۆن: کە تایبەتە بەکڕین و فرۆشتن لەبازاڕی دیجیتالدا و بەشێوەی ئۆنلاین لەڕیزی نۆیەم دا بووە.

-10 دوا سایتی پڕ بینەر لەڕیزی دە سایتی گرنگی جیهان سایتی تویتەر بووە، هەرچەندە تویتەر بەر لەوەی فەیسبووك بێتە جیهانی ئینتەرنێتەوە لەڕیزی سایتە گرنگەکان دەژمێردرا.

# سپیکەری جۆری Z305 یاری هەمیشەیی لاپتۆپ

لاپتۆپەکان، بەگشتی سیستەمی دەنگیان بێهێزە، تەنیا هەندێك لاپتۆپی تایبەت نەبێت کە بەو مەبەستە بەرهەم هاتوون، بۆیە سپیکەرێکی باش و گونجاو بۆ لاپتۆپ زۆر گرنگە، بەڵام گرفتی سەرەکی سپیکەرەکان ئەوەیە کە گەورەن و جیا لەلاپتۆپەکەن. کۆمپانیای لاجتیك سپیکەرێکی تایبەتی بەو مەبەستە بەرهەمهێناوە کە بەجۆری Z305 ناسراوە. سپیکەرەکە کێشی کەمە و دەنگێکی بەهێزی هەیە و بەشێوەی 360 پلە دەنگ بڵاودەکاتەوە. بەهۆی دوو گیرەوە بەلاپتۆپ یان نوتی بوکەوە پێوەند دەدرێت، پێویستی بەباتری نییە و باتری خۆی لە لاپتۆپەکە وەردەگرێت.






## پاسۆرد دانان لەسەر فلاش میمۆرییەکان

ئەمڕۆکە فلاش میمۆرییەکان وەك یەکێك لەپڕکارترین ئامێری ڕاگواستنەوەی داتاکان سەیردەکرێن، تەنانەت بۆ پاراستن و ڕاگرتنی داتا گرنگەکانیش سوودی لێوەردەگیرێت. فلاش میمۆرییەکان هەرچەندە قەوارەیان بچووکە بەڵام، قەوارەی هەڵگرتنی داتاکانیان زۆر گەورەیە، فلاش میمۆری هەتا داکردنی 256 گیگابایت بەرهەم هاتووە. پاراستنی فلاش میمۆرییەکان گرنگە، چونکە بەمانای پاراستنی زانیارییەکانە، بۆ ئەوەی کە نەدزرێن یان کە بزریش بوون کەس نەتوانێ پەی بەزانیارییەکانی ناوەویان ببات، پێویستە پاسۆردیان لەسەر دابندرێت. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دانانی پاسۆرد واتە کۆدی نهێنی لەسەر فلاش میمۆرییەکان، یەکێك لەو پرۆگرامانەش پرۆگرامی USB Secureیە کە لەلایەن کۆمپانیای گەورەی New sof- wares بەرهەم هاتووە، پرۆگرامەکە بۆ پاسۆرد دانان لەسەر فلاش میمۆری، کارت میمۆری، هاردی خاریجی سوودی لێوەردەگیرێت. بەهۆی پرۆگرامەکەوە تەنیا بەچەند کلیکێك پاسۆرد لەسەر ئامێرە ناوبراوەکان دادەنێی.

لەتوێژینەوەیەکی زانستیدا دەرکەوتووە، ماوس و کیبۆرد گەورەترین سەرچاوەی ڕاگواستنی بەکتریا و ڤایرۆسن و نەخۆشییە گوازراوەکان بەهۆی ئەوانەوە دەگوازرێنەوە، بەتایبەتی کیبۆرد و ماوسی ئیدارەکان کە چەندین کەس کاری لەسەر دەکەن. ڕێکخراوی خۆراك و دەرمانی ئەمریکا بەم دواییە جۆرە کیبۆردێکی نیشاندا کە خۆی دوای تەواو بوونی ئەرکەکان پاك دەکاتەوە لەهەر چەشنە میکرۆب و ڤایرۆسێك.


کیبۆردەکە کە بەجۆری Vioguard ناسراوە، بەرهەمی دوو ئەندازیاری پێشووی مایکرۆسۆفتە. کیبۆردەکە بۆ خۆ پاککردنەوەی لەگڵۆپێکی سەرووی بنەوشەیی سوود وەردەگرێت. هەرکاتێك کە لەکیبۆردەکە سوود وەرناگیردرێت، لەشوێنی پاککردنەوەی دادەنێن و لەماوەیەکی کەمدا پاك دەبێتەوە.

## کیبۆردێک خۆی لە بەکتریا و ڤایرۆس پاک دەکاتەوە




# ریکۆدەرێکی نوێ لە ئۆلمپیوسەوە

کاتێك ئامێری ریکۆردەری کاسێت بە تەواوی ماڵئاوایی لە جیهانی تەکنەلۆژیا کرد، ریکۆدەری دیجیتالی شوێنی گرتەوە، کۆمپانیای ئۆلمپیوس هەوڵەکانی لەبەرهەمهێنانی ریکۆردێردا چڕکردۆتەوە، لەم دواییانەدا جۆری VN-8600 بڵاوکردەوە. ریکۆردەکە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیە، میمۆری ناوخۆی دوو گیگابایتە، شاشەکەی 1,61 ئینجە. سیستەمی تۆمارکردنی لەکاتی بێدەنگیدا خامۆشە. توانای تۆمارکردنی 34 کاتژمێر دەنگی هەیە بە کوالیتی 128، بەڵام لە حاڵەتی LPدا دەتوانرێت هەتا 834 کاتژمێر دەنگ تۆمار بکەی. فایلەکانی MP3 بڵاودەکاتەوە، دانانی رێکەوت و مێژوو لەسەر فایلی دەنگ، دەکرێت هەتا 200 فۆلدەر لەناو ریکۆردەکە دابندرێت و هەروەها چەندین تایبەتمەندی دیکەی گرنگ.



# کاتژمێرە هۆشمەند

هەروەك ئامێرەکانی دیکەی دیجیتالی، کاتژمێریش کە مێژوویەکی دێرینی لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە، گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و ئیدی ئەرکی ئەو تەنیا نیشاندانی کات نییە. کۆمپانیای کاسیۆ بریاری داوە لەمساڵدا (2012) کاتژمێرێك بەناوی GB-6900 بخاتە بازاڕە کە بەهۆی سیستەمی Bluetooth LE بە مۆبایلەکانەوە پەیوەند دەدرێ و دەتوانێت پەیوەندییەکان، ئیمێڵ و کورتە پەیامەکان لەخۆیدا نیشان بدات. وشەی LE کورتکراوەی



# پرێنتەرە سێ ئەرکەکان، ئەرکی دیکەشیان بۆ زیاد بوو



چەندین ساڵە پرێنتەری هەمە کارە، کە لە راستیدا سێ کاری گرنگ ئەنجام دەدەن وەك ئەرکی پرێنت کردن، سکان کردن و کۆپی کردن لە بازاڕەکانی کوردستاندا برەوێکی زۆریان هەیە و لەنێوانیاندا چەندین جۆر هەن.

کۆمپانیای HP نوێترین پرێنتەری لەم چەند ئەرکانە بەرهەم هێناوە کە بەبێ کۆمپیوتەر بە ئینتەرنێتەوە پەیوەند دەدرێ و هەروەها ئەو وێنانەی لەسەر سایتەکانن بەبێ بوونی کۆمپیوتەر پرێنت دەکات. پرێنتەرە چەند ئەرکەکەی HP کە بە جۆری HP Photosmart5510 ناسراوە، تەکنەلۆژیای Wi-Fi و پۆرتی USB2ی هەیە. تایبەتە بەو بەکارهێنەرانەی کە نیازیانە بە ئاسانی ئەرکی پرێنت کردن ئەنجام بدەن. پرێنتەرەکە شاشەیەکی 6 سەنتی هەیە کە لە پێشەوەی پرێنتەکەدایە و بەهۆیەوە دەتوانی سەر لە سایتەکانی ئینتەرنێت بدەی.

خزمەتگوزارییەکی گرنگ کە لەو پرێنتەدایە ئەوەیە سیستەمی eprintی هەیە کە بە هۆی ئەو مۆبایل و ئەو سیستەمە دەتوانیت لە رێگای ئیمێل یان کورتە پەیام فەرمان بە پرێنتەرەکە بدەی و لە هەر شوێنێکی جیهان بیت ئەرکی پرێنت ئەنجام دەدات.




## هــەر جــارەو وەڵامـــی پرسیارێـــک

خو ێنه ر ێكــی بەڕێــزی گۆڤارەكەمــان بەكورتە پەیامێك پرســیارێكی ئاراستەی گۆڤارەكەمان كردووە كە ئایا چۆن دەكرێت لەپرۆگرامی پاوەر پۆینتدا (PowerPoint2007)دا فۆنتی كــوردی بەجۆرێك دیاری بكرێت كە لەگۆڕینی سلایدێك بۆ سلایدێكی دیكە گۆڕانی بەسەردا نەیەت، خوێنــەرە بەڕێزەكەی ئێمە گرفتێكی لەم چەشنەی بۆ هاتۆتە پێش دەڵێت هەر كاتێك لەسلایدێك بۆ سلایدێكی دیكە دەڕۆم فۆنتەكە گۆڕانی بەسەردادێت، واتە فۆنتی خانەكەی پێشوو نییە.

خوێنەری بەڕێز لە(پاوەرپۆینت) دا دیاریكردنی فۆنتی هەمیشەیی، یــان فۆنتــی مەبەســت گەلێك ئاسانە، سەرەتا بچۆ بۆ سەر بەشی (design) لەوێدا لەبەشی لای ڕاستی شریتەكە شوێنێك هەیە كە نووســراوە (Font) لەودا فۆنتی مەبەستی خۆت دیاری بكە، فۆنت و ڕەنگی فۆنت و قەوارەی فۆنت هەر لەو بەشەدا هەیە. ئەوە دەبێتە "تێم"ی تۆ كــە دەتوانی بەناوێك خەزنی بكەی. بۆ هەمیشــە لەو "تێم"ـە ســوود وەربگرە. هەروەها دەتوانی بۆ كار ئاسانی لەكارەكانتدا چەندین "تێم" دروست بكەی.

## ـــــدەكانی ساڵی 2012




دەســتەواژەی Low-energyیــە كــە تەكنەلۆژییەكی نوێیە لە ستاندەر بلوتوسی ڤێرژنــی 4، كە ئەو هەلە بــۆ ئامێرەكان دەڕەخســێنێ كــە بەمەودایەكی دوورتر پێكەوە پەیوەند بدرێن. ئــەو كاتژمێرانە یەكەم كاتژمێر نین كە ئەو ئەركە ئەنجام بــدەن بگرە بەر لەو كاتژمێــرەش، كاتژمێر هەبووە كە ئەو ئەركەی ئەنجامداوە، بەڵام ئەوە یەكەم كاتژمێرەكە لە سیســتەمی بلوتوسی 4 ســوود وەربگرێ. هەروەها ئەو كاتژمێرانە تا دوو ساڵ باترییەكەیان ناگۆڕدرێت.

## ساڵی 2012 چ گۆڕانێك بەسەر تەلەڤزیۆندا دێت؟

لەم دەیەی دواییــدا هیچ ئامێرێكی ئەلكترۆنی بەقەد تەلەڤزیۆن گۆڕانكاری بنەڕەتی بەسەردا نەهاتووە، لە سەرەتای ســاڵانی دوو هەزاردا لەناكاو تیڤیەكان بارســتاییان بچــووك و بچووكتــر بۆوە و كاراییــان هەر لە بەســتێن و بازنەی نیشــاندانی فیلمــدا نەمایــەوە، بگرە تەلەڤزیۆنــی هۆشــمەند و كاراتر هاتنە بەرهەم.

لە ساڵی 2012 چ گۆڕانێك بەسەر تەلەڤزیۆندا دێت؟ لەم ساڵەدا تەلەڤزیۆنەكان بەرەو ســێ ڕەهەندی واتە 3D دەڕۆن، هەروەها شاشەكانیان دەبنە تەواو لەمسی، جگە لەوەش گۆڕانكاری بەسەر شاشەی LEDدا دێــت و دەبێتە OLED واتە تەنــك وەك جام، بە جۆرێــك كە دیوی پشتەوەی تەلەڤزیۆنەكە ببینی. هەروەها كاركــردی تەلەڤزیۆن تەنیا نیشــاندانی فیلــم نابێت بگــرە بەبێ بوونــی وایەر لەگەڵ گشــت ئامێرەكانی وەك مۆبایل، كۆمپیوتــەر، تەبلێت...تــاد پەیوەندی دەبێت. هەروەها هێڵی ئینتەرنێتیش بەبێ بوونی كۆمپیوتەر دەكرێت لە تەلەڤزیۆنەوە سوودی لێوەربگری.

